گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue3 2024
ID No. 1727 (PP 224-237)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.3.12

تویژینەوە:

# بنیاتی هونەریی لە (مۆبایلە شیعر)ی كوردییدا

كامران ابابكر خضر خۆشـــــناو/ بەشی زمانی كوردی ،كۆلیژی پەروەردە/ شەقڵاوە، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.

CORRESPONDENCE
كامران ابابكر خضر خۆشـــــناو
kamaran.khudhur@su.edu.krd

وەرگرتن: 2024/02/13
پەسندكردن: 2024/04/ 18
بڵاوكردنەوە : 2024/06/15

وشە سەرەكییەكان:
بنیـــات،
مۆبایلە شیعر،
زمانی مۆبایلە شیعر،
فــــۆرم،
وێنەی هونەریی.

## پوختە

هەر دەقێكی ئەدەبی و بەگشتی و شیعریی بە تایبەتی دوو لایەنی سەرەكی بەشداری لە بنیاتەكەیدا دەكەن ئەوانیش: (بنیاتی هونەری)ی و (بونیاتی بابەت)ین ، كە دەبنە كۆڵەگەی سەرەكی پێكهاتەی دەق، ئەمیش بەهۆی زمانەوە بەرجەستەدەبن، چونكە زمان كەرەسە و ئامرازی سەرەكیی پێكهاتەی بنیاتی دەقی شیعرییە، كە توانای ئەوەی هەیە هەموو بنەماكانی دیكە لەخۆ بگرێت، لەم دیدگەوە بونیاتی هونەری)ی لە هەموو دەقێكی شیعریدا بوونی هەیە و خۆی لە لایەنی (فۆرم و و زمان و وێنەی هونەریی و ڕیتم)دا دەبینێتەوە، ئەمانەش بەجۆرێكن دەچنەناو پێكهاتە و پەیكەری هەر دەقێكی شیعریی و دەق وەك یەكەیەكی یەكگرتوو پیشاندەدەن، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێكە بۆ شلۆڤەكردن و دەرخستنی (بنیاتی هونەریی لە مۆبایلە شیعریی كوردی)ی و پیشاندانی ئەدگارەكانی ئەم فۆرمە شیعرییە، كە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە شیعریی كوردیدا دەركەوت، بووە هۆی ئەوەی فۆرمی شیعری و زمانی شیعری بە جۆرێكی دیكە خۆیان بنوێنن، لەوانەش زمان و وێنە لەم فۆرمەدا سادە و ساكار بوون زۆرجاریش نزیك بوو لە زمانی ڕۆژانە، ئەمەش وایكردووە شیعرییەت لە فۆرمی (مۆبایلە شیعر)دا تا ڕەدەیەك لاواز دەربكەوێت، چونكە لە بنیاتی ئەم فۆرمەدا ئەوەندەی ناوەڕۆك و مەبەست گرنگە، چێژ و ئیستاتیكا جێگای بایەخ نیین.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**0 . پێشەكی:**

بەبڕوای زۆربەی پسپۆڕ و توێژەرانی بواری ئەدەبیی، شیعر كۆنترین ژانرە، كە هەر زوو لەگەڵ دەركەوتنی مرۆڤ پەیدابووە، تاكو ئێستاش بەردەوامە و سەنگ و پێگەی خۆی لەدەستنەداوە و توانیوویەتی بەپێی بارودۆخەكان خۆی بگونجێنێت، لەلایەكی دیكەوە وەك دەزانرێت، كەرەسە و ئاڵاڤی سەرەكیی بنەڕەتی و شیعر: (زمان)ە، كە هەموو لایەنەكان لە (بنیاتی هونەریی و بنیاتی بابەتیی) لەخۆدەگرێت، بۆیە چۆنییەتی و چەندانییەتی ئامادەبوونی ئەم بنەڕەتە لەم ژانرەدا جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەركردنە، ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی كۆمەڵگە و ئەو گۆڕانكارییانەی هەیە، كە لە ژیان و ژیاردا ڕوودەدەن، بۆیە ئەگەر سەیری ئەدەبی كوردیی بەگشتی و شیعری كوردیی بە تایبەت بكەین، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت؛ كە بەهۆی گۆڕانكارییە سیاسیی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی و تەكنەلۆژییەكانەوە شێوازی شیعریی لە قۆناغەكاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانەش لایەنەكانی (بنیاتی هونەریی و بنیاتی بابەتیی) گرتۆتەوە، بەمەش چەندین فۆرم و جۆری شیعریی بەپێی پێویستی قۆناغەكە دەركەوتوون.ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، باسكردنی كۆمەڵگەی ئەمڕۆیە لە (سەدەی و بیست و یەك)دا، ئەو كۆمەڵگەیەی كە تەكنەلۆژیا بووە بە بەشێك لە ژیانی و زۆرینەی ئیش و كارەكانی بە (تەكنەلۆژیا) بەڕێوەدەبات، لەم ڕووەوە كۆمەڵگەی كوردیی و نەتەوەی كوردیش پڕوشكی تەكنەلۆژیای سەردەمییانەی لە بەكارهێنانی ئەم ئامێرانەدا بەركەوتووە، تایبەت (دوای ئازادی عێراق- 2003)، كاریگەریی ئەمەش لەسەر تەواوی بوارەكانی ژیاندا دیارە، وەك لە ئەدەب و شیعردا، بۆیە دەركەوتنی زاراوە و فۆرمی (مۆبایلە شیعر) ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانكارییانەن و بەرجەستەكاری ئەو دۆخەن، كە لە كۆمەڵگەدا هەبووە و هەیە.

**1.0ناونیشانی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی [بنیاتی هونەریی لە (مۆبایلە شیعری)ی كوردییدا]یە.

**2.0 هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەكە:**

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ دەركەوتنی فۆرمی (مۆبایلە شیعر) لە ئەدەبیی كوردییدا.

**3.0 بایەخی توێژینەوەكە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ئاوڕدانەوەیەكە لە لە فۆرمی شیعری (مۆبایلە شعر)ی كوردیی، وەك دەركەوتەیەكی تەكنەلۆژیا.

**4.0 ئامانجی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات باس لە دەركەوتنی فۆرمی (مۆبایلە شیعر)ی كوردیی بكات و ئەو لایەنە هونەرییانە ڕوونبكاتەوە، كە لە بنیاتنانی ئەم فۆرمە شیعرییەدا بەشدارییانكردووە، بۆ ئەمەش پشت بەو دەقە شیعرییانە دەبەستێت؛ كە لە ژێر ناسنامەی ئەم زاراوانە (مۆیلە شیعر، شیعری مۆبایل، .... ) دانراون.

**5.0 میتۆدی توێژینەوەكە:**

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەیی بنیاتگەری)ی وەرگرتووە.

**6.0 پرسیاری توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

– ئایا  مێژوویی دەركەوتنی فۆرمی مۆبایلە شیعر لەئەدەبی كوردیدا بۆ بۆ كەی دەگەڕێتەوە؟
– ئایا (مۆبایلە شیعر) وەک فۆرمێكی نوێی ئەدەبی لەلای شاعیرانی كورد بوونی هەیە؟؟
– هۆكاریی دەركەوتنی ئەم فۆرمە شیعرییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**7.0 سنووری توێژینەوەكە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (لایەنی هونەیی لە دەقی مۆبایلە شیعریی كوردی)ی كرمانجیی ناوەڕاست- باشووری كوردستان.

**8.0 پێكهاتەی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە لە (پوختە و پێشەكی و دوو بەش و ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوەكان) پێكهاتووە.

**1. بنیاتی هونەریی (مۆبایلە شـــعر)ی كـــوردیی:**

**1.1. زاراوە و چەمك و پێناسەی بنیاتی هونەریی:**

وەك هەر زاروەیەكی تر، زاروەی (بنیات)یش ڕیشەیەكی كۆنی هەیە و لە زمانەكانی جیهاندا چەندین زاراوەیی هاوتای بۆ دانراوە، وەك لە زمانی ئەوروپییدا بە (Structure))دێت، كە خۆی لە ڕیشەی زاروەی ((Stuere) (رافیندان، 2002: 15)ی لاتینی وەرگیراوە، لە فەرهەنگەكاتی زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (بنیة) بەرانبەر ئەمر زاراوەیە دانراوە، كە بە خۆی لە زاروەی ((البناء))(فضل، 1987: 175)ی وەرگیراوە، لە زمانی فارسیشدا بە زاروەی (ساخت/ ساز) (شوانی، 2007: 235) دێت، لە زمانی كوردیشدا چەندین زاروەی هاوواتای بۆ دانراوە، لەوانە: (بناغە، بونیات، بنەڕەت) (موكریانی، 1962: 98) بەگشتی لە هەموو زمانەكاندا ئەمر زاراوەیە خۆی لە لایەنی (بیناسازی) (شیخ بزێنی، 2011: 19-21)دا دۆزیەوەتەوە، بۆیە بەرانبەر بە شیكردنەوە و گوزاشتی ئەمر زاروەیە (بنیات) بە واتای دانانی بناغە و ڕێگا و ڕێكارەكانی بنیاتنان، یان ئەو شێواز و ڕێگەیە دێت، كە خانوو/ تەلارێكی لەسەر دروستدەكرێت.

بەهۆی گرنگی و بزۆزی ئەمر زاراوەیە (بنیات)، وایكردووە زاراوەكە تەنیا لە بوارەكەی خۆیدا بە چەقبەستوویی نەمێنێتەوە، بەڵكو خۆی خزاندۆتە زۆربەی بوارەكانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەتایبەتیش بوارە زانستیی و ئەدەبییەكان، بۆیە كاتێك ئەمر زاروەیە دەپەڕێتەوە ناو هونەر و ئەدەب، هەریەك لە  زاراوەكانی: (بینا)، (بنیاد)، (بونیاد)  و ( بنیات) بۆ ئەمر چەمكە دەبینرێن، بەڵام بەكارهێنانی هەموویان لە كاری ئەدەبییدا هەر یەك واتا دەگەیەنن و دروستن، بۆیە كاتێك ئەمر زاراوەیە (بنیات) لەگەڵ (هونەری/ ئەدەب) یەكتردەگرن و واتاییەكی نوێ دروستدەكەن، بەمر جۆرە: (بنیاتی هونەریی) (بنیات+ی (+ هونەر+ی)ی: كە لە بنەڕەتدا لە: (ڕەگی كاری/بنیاتنان= بنیات+ ی/ ئامرازی لێكدەر+ هونەر/ ناو+ ی/ دیاخەری ناو) پێكهاتووە، بە واتای ئەو پایە و بنەڕەتانە دێت، كە لایەنی هونەریی هەر دەقێكی ئەدەبیی لەسەر دروستدەكرێت، بە واتایەكی دیكە، (بنیاتی هونەریی) ئەو ڕێگە و شێوازە دەگرێتەوە، كە بەشداری لە لایەنی چۆنییەتی چنینی دەقدا دەكات، هەربۆیە سروشتی بنیاتی هونەری كارە ئەدەبییەكان، تاڕادەیەك لە سروشتی بنیاتی هەر بابەتێكی دیكە، خانوو یان ئامێر دەچێت، بەتایبەتی لەو ڕووەوە، كە هەردووكیان مەبەستیان لێكدان و ڕێكخستنی كەرەستەكان و بەدەستهێنانی چەند بەهایەكی هونەری  تایبەت بە هەریەكەیانە.(سابیر، 2001: 10).

بنیاتی هونەریی پەیوەندی تێكچرژاوی ناوەوەی دەقی ئەدەبی دیاری دەكات و (وەك یەكەیەكی یەكگرتوو مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، دواتر هەوڵی دۆزینەوەی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی ناوەوەی دەدات) (ابراهیم، 1988: 15)، لەبەرئەوەی بنیاتی هونەری كاری دەرخستنی ئەو پەیوەندییەیە، كە لە یەكگرتنی یەكەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆ دروستكردنی دانەیەكی یەكگرتوو، بۆیە دەوترێت: (بنیات شتێك نییە ببینرێت، بەڵكو تەنیا پێشینەیەكی ڕووتە) (عەلی، 2015: 6) لە چالاكی و دروستكردنی مێشكدایە، كە بەپێی یاسای ناوەوە ڕێكخراون، دۆزینەوەی ئەو یاسایەنەش پێویستی بە پاشخانێكی ڕۆشنبیری گشتی و ئەدەبی هەیە، بە واتایەكی دیكە؛ هەر دەقێكی ئەدەبیی دوو لایەنی هەیە، لایەنێكی دیار و بەچاوبینراو، كە خۆی لە فۆرم- ڕووخسار- جەستەی دەقدا دەبینێتەوە، بە لایەنی (بنیاتی هونەری) دەق ناسێنراوە، لایەنێكی دیكەی شاراوە؛ كە پەیوەستە بە پەیام و ئایدیا و ناوەرۆكی دەق، كە پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیە و بە چاوی ئاوەز دەبینرێت و هەستی پێدەكرێت، ئەویش بە لایەنی (بنیاتی بابەتی) ناودەبرێت، واتە: (ناوەرۆك ئەوەیە چی دەڵێیت، فۆرمیش ئەوەیە چۆن دەیڵێیت و بەكام شێواز دەیڵێیت)(عومەر، 2021: 9).

**1.2. بنیاتی شیعر:**

هەرچەندە لە كۆنەوە ڕەگەزەكانی شیعر چەسپاون و بوونیان لە پێكهاتەی شیعردا مەرجە، هەر دەقێكی شیعریش لە چەند ڕەگەزێكی سەرەكی پێكدێت، زۆرجار ئەمانە بەجۆرێك بەیەكەوەگرێدراون، ئەستەمە لێكجودابكرێنەوە، چونكە بە دابڕانییان لە یەكتری دەقەكە بەهاكەی لەدەست دەدات، لەلایەكی دیكەوە دەقی شیعریی یەكەیەكی یەكگرتووە لە (فۆرم و ناوەرۆك) (ئاشنا، 2007: 21)، بەڵام چۆنییەتی و چەندێتی ئەو پێكهاتانە لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر وەكو یەك نین و بەردەوامیش بەپێی ئەزموونی شاعیر و چێژی وەرگر و پێویستی كۆمەڵگە دەگۆڕێن، چونكە دواجار شاعیر (بەر لەوەی شاعیربێت؛ مرۆڤە، بەڵام لەسەروی مرۆڤی ئاساییەوەیە و زۆر هەستیارە بە بابەت و بارودۆخەكانەوە) (كەریم، ساڵح، 2023: 256)، لێرەدا ئەگەرچی شاعیر (كارلێكراو)ە، بەڵام دووبارە هەوڵدەدات لە ڕێگەی دەقەكانییەوە ببێتەوە (كارتێكەر) و نمایشكاری ئەو قۆناغ و ئەزموون و بارودۆخەی هەیە، ئەمەش زەرورەتێكی شیعریین و لە هەموو قۆناغ و سەردەمێكدا هەن.

فۆرمی شیعریی مەرجێكی سەرەكی دەقی شیعرییە، ئەویش ئەو بناغە و چوارچێوەیەیە، كە شاعیر هزر و خەیاڵی تێدا دادەڕێژێت، بەدرێژایی قۆناغەكانی گەشەسەندن و گۆڕانی بارودۆخ و ئایدیاش فۆرمە شیعرییەكان گۆڕاون و بەردەوامیش لە نوێبوونەوەدان، تەنانەت زۆرجار بەپێی گۆڕانی فۆرمە شیعرییەكان، شێوازیی شیعریی جۆراوجۆر لە ژێر فۆرم و ناوی جیاجیا دەركەوتوون، بەجۆرێك هەندێكجار ئەو كاریگەرییە گەیشتۆتە ئاستێك؛ بۆتە هۆكاری نوێبوونەوە و سەرهەڵدانی قۆناغێكی شیعریی.

کەواتە فۆرم و بنیاتی هونەریی لە پاڵ ناوەرۆکدا دوو سەرەکیترین کەرەستەی پێکهێنەری دەقن، بەجۆرێك بنیاتی هونەریی پایەیەکی بەهێز و گرنگە و کاریگەری زۆری لەسەر ڕەوتی شیعریی و ئیستاتیکای شیعریی هەیە، هەر ئەو گرنگییەشە وایکردووە، (ئەفلاتوون) بڵێت: (شیعر بەهۆی زمان و ئەو بنیاتە هونەرییەی هەیەتی، دەتوانێت هەست و سۆزی خەڵك بوروژێنێت...) (الماضی، ٢٠١٠: ٨)، ئەگەر ناوەرۆك چەند بەهێزیش بێت، بەڵام گەر زمانی بەرز و بنیاتێکی هونەریی باڵای تێدا بەکارنەهاتبێت، ئەوە دەبێتە ئاخاوتنێکی ئاسایی، شێوەگەران (فۆرمالیستە ڕووسەکان)- دەربارەی گرنگی بنیاتی هونەری دەق دەڵێن: (فۆرم و زمان باشترین ڕێگەن بۆ گوزارشتکردن لە -بیری- نووسەر) (ئەسوەد، 2011: 216)، واتە نووسەر لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە لە نێو چوارچێوە و بنیاتێکی هونەریی ناوەرۆك (خەیاڵ و هزری)ی دادەڕێژێت. فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانویل کانت 1724- 1804) لە بارەی گرنگی بنیاتی هونەریی شیعر باوەڕی وایە؛ پێویست ناکات بایەخ بە هیچ شتێك بدەین تەنیا فۆرمەکەی- بنیاتە هونەرییەکەی نەبێت..(خدر، 2022: 37)، بەمەش (کانت) جوانی و ئیستاتیکی دەق لە دیوی دەرەوەی دەقدا دەبینێتەوە، ڕەخنەگری ناوداری ئەمەریکیش (ڕێنیە ویلك 1903- 1995) هەر نزیك لە ڕایەکەی (کانت) دەڵێت: (شیعر شتێك نییە، جگە لە فۆرم)(مەحموود، 2022: 5)، لەبەر گرنگی فۆرم، داهێنەرانی ئەدەب لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا هەوڵدەدەن گۆڕانکاریی لە چوارچێوەی/فۆرمی دەقدا بکەن، بەمەش بنیاتی هونەریی سەرچاوەی جوانی و نوێبوونەوە و گۆڕانکاریی دەقی شیعرییە، کە مەبەست داڕشتن و چۆنییەتی دەربڕینی پەیامە/ ناوەرۆکە، ئەمەش بە پێی قۆناغەکانی ژیانی ڕۆشنبیریی و دەرکەوتەکانی هەر کۆمەڵگەیەك و دەگۆڕێت.

### 1.3. چەمك و پێناسەی مۆبایلە شیعر:

هەرچەندە بەپێی تیۆرەکانی ئەدەب و پێگیریی بنەماکانی دروستبوونیان، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان کراون، لەوانەش؛ شیعر، وەکو هەندێك شیعر بە دەربڕیین و نووسین و وێنەیەکی خەیاڵیی هزری شاعیر دادەنێن، هەندێکیتر بە خاڵیکردنەوەی ئەو هەست و سۆزە لێکدەدەنەوە، کە لەناخی شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە، هەندێکیتریش بە هەڵاتن لە واقعی ژیان و پەنابردنە بەر خەون و ئەندێشەی دادەنێن، کەچی هەندێکتر بە ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی تاك و کۆمەڵگەی دادەنێن.ئەم تێڕوانینانەش هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە دروستی خۆیان دەسەلمێنن، بەڵام لەوانەش زیاتر، شیعر هەموو ئەمانە دەگرێتەخۆ، تەنانەت ئەستەمە شیعر لە پێناسەیەکدا کورتبکرێتەوە، چونکە بەقەد ژمارەی کەسەکان دەشێت تێڕوانیین بۆ شیعر هەبێت، بەڵام ئەوەی هەیە دەبێت هەر دەقێکی شیعر بنەماکانی خۆی لەدەست نەدات، کە ئەوانیش خۆیان لە بنیاتی هونەریی شیعر: زمان و وێنە و.. دەبیننەوە، لە لایەکی دیکە، فۆرمی شیعریی و بەلووتکەبوونی بابەتە شیعرییەکان، بەپێی گۆڕانکاریی ژیان و سەردەم و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ..هتد، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و بەردەوامیش دەگۆڕێن، چونکە ئەدەب/شیعر سەرخان پەیوەندی بە ژێرخان -ئابوورییەوە هەیە، بەمەش ئەدەب کارلێکەر و کارلێکراوە، بەواتایەکی دی؛ ئەدەب/شیعر کار لە ژیان (بوارە جیاوازەکان) دەکات و ژیانیش بە بوارەکانییەوە کار لە ئەدەب دەکەن. (مەلازادە، ٢٠٢٠: ٤٩)، وەك دەشزانرێت لەم سەردەمەی ئێستادا تەکنەلۆژیا پێشکەوتنی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیوە و کاریگەری لە هونەر و ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەت کردووە، ئەوەتا (مۆبایلە شیعر) لە ئەنجامی ئەو کایگەرییە ژێرخان ئابوورییە دەرکەوتەی تەکنەلۆژیای سەردەمر هاتۆتە ئاراوە.

(مۆبایلە شیعر)، ئەو فۆرمە تازەیەی شیعرە، کە لەدوای ئازاکردنی عێراق (2003) و وردتر لەگەڵ کرانەوەی دەرگای کوردستان بەسەر تەکنەلۆژیادا لە ئەدەبی کوردیی دەرکەوت، واتە مۆبایلە شیعر لێکەوتەی دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا - (مۆبایل)ە، ئەویش بە کاریگەریی ئەم ئامێرە بەسەر کایەکانی ژیان و زیندوویەتی ئەدەبەوە بوو، کەواتە لەگەڵ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی مۆبایل، مۆبایلە شیعریش لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا سەریهەڵداوە.

### 1.4. چەمکی (مۆبایلە شیعر) لەڕووی زمانەوە:

دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەرکەوتن و بەکارهێنانی ئامێری (مۆبایل) و ئەو خزمەتگوزارییانە هەیە، کە پێشکەش بە بەکارهێنەرانی دەکات، ئەویش ناردنی پەیام و زانیارییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێك یا کۆمەڵە کەسێکی تر، زۆرجاریش پەیامەکان تەواو هەستیین، بەمەش پەیوەندی لەگەڵ شیعردا دروستدەکات، چونکە وەکوو گوترا یەکێك لە تیۆرەکانی دروستبوون و پێناسەکردنی ئەدەب/شیعر پەیوەستە بە لایەنی هەست دەربڕین، بەمەش شیعر تێکەڵەیە لە هەست و سۆز و خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانە و وێنەی هونەری بەرز، کە لە ڕێگەی زمانەوە خۆیان بەرجەستە دەکەن، بۆیە لێرەدا زاراوەی (مۆبایلە شیعر) ، ئاوێتەی یەکتربوونە، بەمەش زاراوەکە لە یەکگرتنی هەر دوو وشەی - ناوی (مۆبایل + ە/ناوبەند + شیعر) و پێکدێت، بە واتایەکی دی؛ هەردوو وشەکە: (مۆبایل) و (شیعر)، هەر یەکێکیان هەڵگری پەیام و کردەیەکی تایبەتن، بەڵام بە یەکگرتنیان ناوێکی

لێکدراو:(مۆبایلە شیعر) دروستبووە، بەمەش بۆتە هەڵگری سیمای پەیامێکی کورت و چێژبەخش، بە زمانێکی تاڕادەیەك جیاوازتر لە زمانی ئاسایی.
لەلایەکی دیکە؛ چەندین زاراوەی تر لە زمانی کوردییدا بەرانبەر بۆ ئەم جۆر و فۆرمە شیعرە بەکاردەهێنرێت، لەوانە: (مەسیجە مۆبایل، شیعرە مۆبایل، نووکە شیعر، SMSی شیعری، شیعر بۆ مۆبایل، پرشەنگە شیعر، نامە شیعر و تێلە شیعر...، بەشێکی تریش لە توێژەران و شاعیران و نووسەرانی ئەم بوارە زاراوەکانی ((پۆستەرە شیعر، کورتە شیعر، کۆپلە شیعر، خونچە شیعر، پشکۆ شیعر، بروسکە شیعر، کەڤاڵە شیعر)) (محەمەد، 2007: 72) بەکاردەهێنن، کە ئەمەش هەموویان گوزارشتن لە ئەدگاری (کورتبڕی)ی ئەم فۆرمە شیعرییە.
کەواتە دەرکەوتنی ئەدگارەکانی ئەم فۆرمە دەمانباتەوە بۆ سەرەتایەکی کۆنتر لەوەی ئێستاکە هەیە، چونکە وەك گوترا، یەکێك لە ئەدگارەکانی ئەم فۆرمە (کورتبڕی) یە، کە شاعیر بە بەکارهێنانی ڕستەیەك، یان چەند ڕستەیەکی شیعریی پەیامەکەی دەگەیەنێت، ئەم کورتی و چڕییەش، لە ئەدەبی کوردییدا هاوشێوەی ئەم فۆرمەیە لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی شیعری کوردییدا بوونی هەبووە، وەك ((لە دوو بەیتییەکانی بابە تاهیری هەمەدانی))ی (خەزنەدار، ب.1، 2010: 159) بەدیدەکرێت، بەم لێکدانەوەیەش بێت، شیعرییەتی کورتبڕی ئەمسەر و ئەوسەری ئەدەبی کوردیی گرتووە، بەڵام بە ناوی جیاواز و بە شێوەی جیاواز، ئەوەی جیاوازییان دەکاتەوە ئەوەیە، کە دەقی کۆن چڕ و قوڵە و ئاراستە و ڕووی دەمی لە کۆمەڵگا/گشت بوو، بابەتەکانیش هەڵگری پەیام و خەم و هەمی جڤاك بوون، کەچی ئەمەیان (مۆبایلە شیعر) سادەیە و ئاراستەی تاك دەکرێت و بارگاویین بە پەیامی دەروونیی خەم و سۆزی تاك، کە ئەمەش بۆ خودی تایبەتمەندیی ئامێرەکە (مۆبایل) دەگەڕێتەوە، کە تەواو کەسییە/ شخصی، بۆیە بنیاتی بایەتیان جیاوازە.

### 1.5 فۆرمی (مۆبایلە شیعر):

بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە (فۆرم)، ناسنامەی خۆیان دروستدەکەن، شیعریش وەك کۆنترین دەقی ئەدەبی چەندین فۆرمی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەپێی گۆڕانکارییەکانی ژیان و بارودۆخە ڕۆشنبیرییەکان و تیۆرە ڕەخنەییەکان و ئەزموونی تاکەکەسی شاعیران، وایکردووە شیعر لە چەندین فۆرمی جیاجیا خۆی بەرجەستە بکات، بە واتایەکی دیکە؛ هۆکاری گۆڕانی فۆرمە شیعرییەکان بەهۆی خواستی سەردەم، یاخود داهێنانی شاعیران دەگۆڕێن، چونکە (لەو کاتەوەی، کە پەیوەندی مرۆڤ و شیعر پەیدابووە، هەتا ئێستا شیعر شێوە و قاڵبی شیعریی و کەرەسە جۆربەجۆرەکانی لە گۆڕان و پێشکەوتنێکی بەردەوامدان و وەستانیان بۆ نییە) (خەلیل، 2005: 7)، بەمەش فۆرم بەرجەستەکاری نمایشی وشەیە لە جوگرافیای دەقی شیعرییدا.
فۆرمی (مۆبایلە شیعر)، هەڵگری ناوەکەی خۆیەتی، بریتییە لەو دەقانەی، کە لە ڕووی فۆرمەوە بۆ (مۆبایل) دەگونجێن، چونکە لە لایەك ئەو ئامێرە بچووکە (مۆبایل) جیهانیی کردۆتە گوندێکی بچووك و تەواوی ژیانی ئاسانکردووە، لە لایەکی دی: بزۆزی و خێرایی بە ڕەوتی ژیانداوە، بەجۆرێك بەدەستهێنانی زۆرینەی شتەکان چەند خولەکێکی کەمی پێویستە، هەر ئەمەش وایکردووە کورتبڕی لە کار و زەحمەتییەکاندا بکات، بۆیە ئەم کورتبڕییەش ڕاستەوخۆ پەڕیوەتە سەر پەیوەندیکردن و دەستگرتن بە وشە و دەربڕینی گۆکرا و نووسراوەکانیش، ئەمەش لەلایەك وزە و کات دەگێڕێتەوە، لە لایەکی دی دەست بەو تێچووە ماددییەش دەگرێت، کە لە هێڵەکانی ئەم پەیوەندییە ئامێرییەدا بەفیرۆدەچن.
ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە (نامەی مۆبایل/ رسائل الجوال/ Mobbile messages) ە، کە ناردنی بۆ هەر نامەیەکیش تێچووی ماددی دەوێت، بەگشتی هەر (نامە- messages)یش لە نزیکە (62- 68) پیت، یان (چەند وشەیەك)، بەپێی پێکهاتەی زمانەکە لەخۆدەگرێت، هەر کاتێك لەو ژمارە پیت و وشەیە زیاتربوو، ڕاستەوخۆ تێچوەکەی دەبێتە دوو ئەوەندە، بەم شێوەیە تێچووەکان بە قەدەر ئەو بڕە پیتە دیاریکراوە بەردەوام دەبێت، بۆیە بەکارهێنەران هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان، کە کەمترین تێچوو بۆ ناردن و گەیاندنی پەیامەکانییان بەکاربێنن.
لەم ڕوانگەیەوە پەیامە بیریی و سۆز ئامێزەکانیش بەشێکن لە ژیانی تاك، بەمەش زۆرجار ئەدەب/ شیعر هەڵگری ئەو پەیامانە دەبێت، کە (نێرەر) بۆ (بۆنێردراو) دەینێرێت، کەواتە شیعر ئەو چالاکیی و کارە بزۆزەیە، کە گوزارشتکاری دەروون و بیری تاکە و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە، بەمەش خۆی خزاندۆتە ناو تەواوی کایەکانی ژیان و ژیار، بۆیە ڕاستەوخۆ (بنەڕەتەکانی- هۆکارەکانی دروستبوونی مۆبایل) لە سەر (مۆبایلە شعر) ڕەنگدەداتەوە. بەواتایەکی دیکە، تا (مۆبایل) دروستنەبوو، (مۆبایلەشیعر)یش بوونی نەبوو.

## 2. بنیاتی هونەری مۆبایلە شیعری کوردیدا:

بنیاتی هونەریی هەر دەقێکی شیعریی، خۆی لە لایەنی فۆرم و و زمان و وێنەی هونەریی و ڕیتمدا دەبینێتەوە، ئەمانەش بەجۆرێکن دەچنەناو پێکهاتە و پەیکەری هەر دەقێکی شیعریی و دەق بنیاتێکی یەکگرتوودا دەخەنەڕوو ، بۆیە لێرەدا چەند لایەنێکی ئەم فۆرمە شیعرییە (مۆبایلە شیعر) دەدوێین:

### 2. 1 .فۆرمەکانی مۆبایلە شیعری کوردیی:

فۆرمەکانی شیعریی بەهۆیی چەند بنەمایەك لەوانە: چەندێتی و چۆنییەتی پێکهاتەی زمانیی و ئەو دابەشبوونە جوگرافییەی لەناو پێکهاتەی دەقەکە و لەسەر ڕووی پەڕە و کورتی و درێژی دەقی شیعری و.... خۆیان لە یەکتری جودا دەکەنەوە، بە واتایەکی دیکە: هەر دەقێك پانتاییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەچاو دەبینرێت، بەمەش گوزارشتە لە تۆپۆگرافیای دەقەکە، کەواتە تۆپۆگرافیای دەق (ڕەگەز و بنەمایەکی و بنچینەیەکی هونەرییە، ... لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بەرجەستە ببێت، لەڕێگەی دەرخستن و پیشاندانی ئەم بنەمایەوە چێژ و جوانی و سەرنجڕاکێشان پەخشدەبێت و ئاستی هونەریی و بەهای دەقیش بەرز دەبێتەوە) (حەمە، بەکر، 2021: 223).

فۆرمی مۆبایلە شیعر خۆی لە پێکهاتەیەکی کورتبڕی و زمانە سادەکەییدا دەبینێتەوە، هەر لەم فۆرمەشدا بەکارهێنەرانی ئەم ئامێرە چەندین فۆرمی تر بەکاردەهێنن، بەڵام بەگشتی فۆرمەکان کورت و چڕن، کە ئەویش مەرجی سەپێنراوی خودی (مۆبایلە شیعر)ە، کە ژمارەی وشە زمانییەکەی دیاریکراوە، بەڵام چەسپاو نییە، واتە وشە بەکارهاتووەکان هەر لە (3- 4) وشە بەسەریەکەوەیە دێن، تا مەبەستی تەواو بدات، لە هەمان کاتیشدا لە کورتبڕییەکەی لانادات، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەچەند فۆرمێکی کورتی (مۆبایلە شیعر) دەکەین، لەوانە:

### 2. 1 .1 /چوارینێ:

هەروەك پێشتر ئاماژەماندا، کە دوو بەیتیەکانی (بابە تاهیر هەمەدانی)ی گەواهیدەری ئەو کورتی و چڕیی وشە و دەستەواژانەن، لە بەکارهێناندا شێوەیەکی کارزانی هونەرییانە پیشاندەدات و زۆر شتی نهێنی و پەنهانی دەربڕیووە، (ئەمەش ئەزموونێکی دوورودرێژی نووسەرە، لە ئەنجامدا بەم چەند وشە پوخت و چڕە گەیشتووە، کە لە مەودایەکی کورتدا دەریدەبڕێ) (یەعقووبی، 2005: 134)، کەواتە فۆرمەکانی (مۆبایلە شیعر) ڕەگێکی کۆنتر لە ئێستا هەیە، بەمەش زۆرجار ئەم فۆرمە نوێیە دەبێتە لاساییکەرەوەی هەمان فۆرمە کۆنەکە، تەنانەت زۆرێك لە وشە و شێوازەکەشی بەکاردەهێنێتەوە، بەمەش هەندێکجار ئەم فۆرمە لە شێوەی چوارینەدا خۆی پیشان دەدات، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| کوانوی دڵم بێ پشکۆیە ئەمشەو | A | |
| مۆبایلەکەم بێ نامەی تۆیە ئەمشەو | A | |
| دەڵێی شاری پیرە هەولێرم بێ تۆ | B | |
| لەشکری خەمیش هۆلاکۆیە ئەمشەو | A | (باشبڵاخی، ب. 2، 2006: 19). |

ئەم دەقە، دەبینیین بەشێوەیەکی تەواوتی پەیڕەوی لە چوارینە کردووە، چونکە بەگشتی سەروا لە چوارییندا بەم شێوەیە: (یەك سەروا، جووت سەروا، سێ دێری سەروادارو دێڕێکی ئازاد) (گەردی، 1999: ٤٧)، ئەم دەقەش لە ڕووی (سەروا)وە، بەم جۆرەیە: (سێ دێری سەروادار و دێڕێکی ئازاد، بەڵام زۆر جاریش (مۆبایلە شیعر) لەم پێڕەوەی سەرەوە لادەدات، واتە هەموو نیوە دێڕەکان یەك سەروایان دەبێت، یا سەرواکانیان جیاوازە و وەکو چوارینە دابەش نەبووە، کەچی ژمارەی ڕیزەکانی هەروەکو شێوەی چوارینە خۆیان پیشاندەدەن. وەك:

| | | |
|---|---|---|
| خاڵیم لەتۆ | A | |
| پڕم لە چرکەکانی تەنیایی | B | |
| چۆڵم لە تۆ | A | |
| مەگەر شیعر بمگرێتە خۆ | A | (مەهدی، 2009: 97). |

وەك دەر دەکەوێت سەرواکانی ئەم دەقە بە شێوەی (ا ب ا ا)، لە شێوەی چورینەی تەواودان، کەچی (مۆبایلە شیعر) چەند شێوەیەکی دیکەشی بە شێوەی چوارییندا دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| گوڵ بەغیلیت پێ دەبات | A |
| مانگ شەرمت لێ دەكات | A |
| منیش چیم لایە بۆت | B |
| تەنیا نوكەو مەسیجم بۆت | B (جەزا، 2008: 41). |

لێرەدا وەك پیشاندراوە، دێڕەكان جووت سەراون، هەروەها لە نموونەیەكی تردا، شێوەیەكی تری سەروا لەم فۆرمە شیعرییەدا دەردەكەوێت، وەك:

| | |
|---|---|
| كە درەختی شیعرم بەری گرت | A |
| دەبمە هاوڕێ ی نالی و هەردی | B |
| لەگەڵ هەستی فەنای مەحویش | C |
| دەبمە عەشق و تۆز و گەردی | B (مەهدی، 2009: 53). |

كەواتە ئەمان هەموویان لە شێوەی چوارینەدان، بەڵام بەگشتی لە كێش و سەروادا لە چوارینە لایانداوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی؛ كە بە كارهێنانی كێش و سەروای چوارین هونەرێكی بەرزی هەیە، ئەمەش لە لایەك بۆ كەم توانایی شاعیرانی مۆبایلە شیعر و گۆڕانكارییەكانی فۆرمی شیعریی دەگەڕێتەوە.

### 2. 1 .2/ پێنجین:

هەندێكجار لە نامە شیعرییەكانی (مۆبایلە شیعر)دا لە فۆرمدا لە شێوەی (پێنج نیوەدێڕ) یا بڵێین: (دوو دێڕ و نیو) بەرچاو دەكەون، بەڵام لە بنەڕەتدا لە بنەماكانی پێنجین لایانداوە، ئەویش ڕەنگە بەهۆی ئەوەبێت، كە شاعیر ناتوانێت بە چوارین مەبەستەكەی بپێكێت، پەیوەندی بە مانا و گەیاندنی مەبەستەكەیەوە هەیە، بۆیە پێویستی بە نیوەدێڕێكی تر دەبێت، كە لە ڕووی واتاوە پەیوەندیدارە بە یەكێك لە دێڕەكانی پێشووتر، وەك، دەڵێت:

| |
|---|
| هێندە یادم كردووی شەوان |
| فرمێسكم بووە بە شەونم |
| نیازم وایە ئەمجارە |
| لە گوڵە ئەستێرەی زیوین |
| ملوانكەی شیعرت بۆ بچنم.. (حەسەنی، 2007: 72). |

هەندێكجاریش وایە تەنیا وشەیەك دەبێتە شوێنگرەوەی نیوەدێڕێك و دەبێتە هۆی درووستبوونی پێنجینەكە، وەك:

| |
|---|
| جێم مەهێڵە.. |
| با.. هەوری ئەشكی دیدەم |
| لافاوی نوحێ.. هەڵنەستێ! |
| گۆی زەوی نەكەمە دەریا و |
| وشكایی تیا نەبێ.. بستێ.. (باشبڵاخی، ب. 2، 2006: 70). |

وەك گوترا، ئەمانە ئەگەرچی لە شێوەی (پێنجین)دان، بەڵام تەواوی بنەماكانی پێنجین بەسەریاندا جێبەجێ نابێت، تەنیا ئەوەیە هەیە، كە لە فۆرمدا وەك پێنجین.

### 3. 1 .2/ تاك دێر:

ئەمیش فۆرمێكی تری شیعرییە و بەشێوەیەكی نوێكراوە لە (مۆبایلە شیعر)دا بەرچاو دەكەوێت، چونكە ئەمە لە شیعری كۆندا لە فۆرمی ((تاك دێری - فەرد ))دا، بەدیدەكرێت، بە واتایەكی دیكە: (لە شیعری كلاسیكی كوردییدا، یەكێك لە فۆرمە هونەرییەكانی داڕشتنی شیعر، بریتییە لە فۆرمی تاك ( فەرد ) ، ئەویش بریتییە لە دێرە شیعرێك، كە لە نیوەی دێری یەكەم و دووەم پێكهاتووە، ئەم بابەتە شیعرە بۆ قسەیەكی نەستەق، یا پەندێكی پێشینیان، یا بیرێكی فەلسەفی، یا وێنەیەكی جوان بۆ ژن و دڵداری یا وەسفی سروشت دادەنرێ) (محەمەد، 2007: 71)، واتە دوو نیوەدێڕ هەن و پەیوەندیدارن بەیەكەوە، هەرچەندە هەندێكجار پەیڕەوی كێش

و سەروا دەکەن، بەڵام ئەمەش مەرج نییە، بەڵکو دەکرێ هەر نیوەدێڕێك کێش و سەروایەکی تایبەتی خۆی هەبێت، وەك لەم نموونەدا بەرچاودەکەوێت:

| |
|---|
| دڵم بۆت کرد بە میمۆری |
| تا نامەکانت بلاوێنی. (جەزا، 2008: 48). |

یان:

| |
|---|
| دڵم ناسکە، وەك ژێی کەمان |
| با بەدەستتەوە نەپچڕێ، ئامان (باشبڵاخی، ب. 5، 2007: 19). |

یان:

| |
|---|
| شەرابی مەرگت پڕ نۆشیم بۆیە دڵم لێت تۆراوە |
| هەرچی زەنگت بۆ لێدەدەم، مۆبایلەکەت داخراوە.. (عەلی، 2007: 92). |

یان:

| |
|---|
| کە مۆبایلەکەت دادەخەی.. |
| جەستەم لە نێو تابووتی مەرگا ڕادەخەی. (باشبڵاخی، ب. 4، 2007: 11). |

یان:

| |
|---|
| شیعر با وەکو هەنگوین بێت شاعیر ئێرکات لە شیرینی |
| خۆشەویستی لەگەڵ نەبێ کوانێ شانەو کوا هەنگوینی. (زەنگەنە، 2007: 29). |

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لەم نموونانە بەرچاودەکەوێت و دەبینرێت، دەتوانرێت بگوترێت، (مۆبایلە شیعر)ی کوردیی فۆرمێکی تەواو و سەربەخۆیی خۆی نییە، چونکە هەر نووسەرە و بە سەلیقە و ئەزموونی خۆی دەقەکانی چنییووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فۆرمەکان لەخۆوە و بێ سەرچاوە نین، چونکە ئەوەی لەم فۆرمە شیعرییە بەدیدەکرێت و دەبینرێت؛ شێوەیەکە لە لاساییکردنەوەی فۆرمەکانی پێش خۆی.

### 2 . 2. زمان لە دەقی مۆبایلە شیعردا:

زمان کەرەسەی سەرەکی و پێکهێنەریی بنەڕەتی دەقی شیعرییە، چونکە تەواوی لایەنە هونەریی و بابەتییەکانی دەق خۆیان لە زمان و پێکهاتەکەی دەدۆزنەوە، بە واتایەکی دیکە؛ ئەگەر ئاڵاقی هونەریی وێنەکێشان؛ فڵچە و بۆیە بێت و هی هونەریی شانۆ؛ دەق و تەختی شانۆ و جووڵە و بینەربن، هی هونەری پەیکەرتاشی؛ چەکوش و سمبە و بەرد و... گیراوەکانی چیمەنتۆ و جۆرەکانی بن، ئەوە کەرەسەی بنەڕەتی و ئافرێنەر و بەرجەستەکار سەرەکی شیعر؛ زمـــــانە، زمان بەشداری پێکەری لایەنە هونەریی و بابەتییەکانە، بێ بوونی زمان، دەقی شیعریش نابێت.

سادەترین پێناسە، کە بۆ ئەدەب دەکرێت، دەگوترێت (ئەدەب زمانە) (حسەین، ٢٠٠٨: ٢٩ )، ئەویش بەهۆی کەرستە و ئاڵاقی ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبی، کە خۆی لە زماندا دەبینێتەوە، شیعریش وەك هەر ژانرێکی تری ئەدەبی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زمانی دەربڕین- نووسین هەیە، چونکە شاعیر هزر و بیر و هەست و نەستی دەخاتەناو چوارچێوەیەکی زمانی و ئەرکی شیعرییەتی پێدەسپێرێت، مەبەست لە (زمانی شیعری)ش؛ بەو جۆرە نییە زمانێك تەنها تایبەت بە شیعر هەبێت، وەك ئەوەی زمانێك تایبەت بە مۆسیقا هەیە، بەڵکو مەبەست چۆنییەتی بەکارهێنانە لە زماندا، بۆیە هیچ شیعرێك بێ زمان بوونی نییە، ئەو زمانەش بەهۆی سیاق- ڕێڕەوەکەوە واتا دەدات، واتە مەسەلەکە پەیوەندی بە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانەکەیە، کە چۆن شاعیر وشە-زمان لە واتایەکی ڕووت و سواو، دەگوازێتەوە بۆ واتایەکی ئیستاتیکی و زمانێکی هونەریی، کە سەرنجی وەرگر و خوێنەر ڕادەکێشێت.

کەواتە شاعیر هەمیشە هەوڵدەدات هزر و بیر و هەست و نەست و خەیاڵ و ئەندێشەی لە ڕێگەی قاڵبێکی زمانەوانییەوە دەربڕێت، کە شێوازێکی باڵای هەبێت و کاریگەری لەسەر هۆش و هەڵچوونی خوێنەر بکات و بیخاتە (گریان و خەنین)، پەیوەستی بکات بە کۆد و چەمکەکانی شیعرییەت، چونکە گەر خوێنەرێکی ئاسایی بێت؛ بێگومان کاردانەوەکان بەو شێوەیە دروست نابن، بۆیە گەر خوێنەرەکە پاشخانێکی فراوانی لە ڕۆشنبیری هەمەلایەنە و ئەدەبی نەبێت، کاردانەوەکان بەو شێوەیە نابن، بۆیە مەبەستمان لەو خوێنەرە نموونەییەیە، کە بەشدارە لە پرۆسەی تەواوکردنی دەقدا، بەم شێوەیە:

نێرەر/ نووســــــەر « دەق/ شـــــیعر « وەرگر/ خوێنــــــەر

واتە شاعیر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و چۆنیەتی ڕیزکردن و بەکارهێنان و خستنەپاڵیەکیان و دوورخستنەوەیان لەواتای فەرهەنگی و بەزاندنی سنوورەکانی زمان و ڕێزمان و لۆجیك، ئەو وێنە زمانییە دەكێشێت، كە خوێنەر لە بەرانبەریدا تووشی ڕامان و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەی جۆراوجۆر دەکات.

زمانی شیعر لە (مۆبایلە شیعر)ی کوردییدا، زمانێکە بەکارهێنانێکی سادە و دارشتنێکی ساكاریی پێوەدیارە، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە؛ لەوانە: چونکە ئاراستەی پەیامی مۆبایلە شیعر خودییە و ئاراستەی خودێك/تاكێك دەكرێت، مەرجیش نییە ئەو کەسە خوێنەریی باڵا بێت، بەڵکو بە پیچەوانەوە، ڕەنگە تەنیا خوێندەوارێکی ئاسایی بێت، لە لایەکی دی: چونكە یەكێك لەو هۆکارانەی، کە (مۆبایل)ی بۆ هاتۆتە ئاراوە؛ ئاسانی و خێراییە لە ڕاپەڕاندنی کارەکان و گەڕانەوەی وزە و کاتە، بەمەش پشت بە جۆرێك لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆیی و وەڵامی ڕاستەخۆیی (ئاخاوتن) یان (نامە) دەبەستێت، بۆیە (نێرەری دەق) نایەوێت لە چاوەڕوانی وەڵامی کەسی بەرانبەر (وەرگری دەق) بمێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێت بەزوویی وەڵامی بدرێتەوە بەمەش نێرەرە و وەرگر بە خێرایی شوێنییان دەگۆڕنەوە؛ بەم شێوەیە: (ا »»» ب) و (ا ««« ب)، ئەمانەش دەبنە هۆی سادەیی و ڕەوانی و بێ گرێ و گۆڵی زمانیی مۆبایلە شیعر، لەلایەکی دیکە: ڕەنگە خودی (نێرەر)یش ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی نەبێت، کە بتوانێت لێکدانەوە بۆ دەقێکی بەرز بکات، چجای ئەوەی بینیرێت، بەڵكو ئەو تەنیا دەیەوێت پەیامی دڵ و دەروون و هزری بەخێرایی بە وەرگرەکە بگات و بەخێراییش وەڵام وەربگرێتەوە.

هەروەها هۆکارێکی دیکەی سادەیی زمانیی ئەم فۆرمە شیعرییە بۆ ئەو زاراوانە دەگەڕێتەوە، کە تایبەتن بە خودی ئامێرەکە (مۆبایل)، چونکە وەك چۆن ئەم زاراوانە خۆیان خزاندۆتەوە ناو بوارەکانی ژیان، بەهەمان شێوەش توانیوویانە شوێنی خۆیان لەناو پێکهاتەی زمانی ئەم فۆرمە شیعرییە بکەنەوە و تایبەتمەندیی ببەخشن بەم فۆرمە، وەك بەشێك لە زاراوەکانی: (نوکە، مەسیج، باڵانس، سیم کارت، هاند، ژمارە، ڤایرۆس، میمۆری، زەنگ (جەرەس)، سەیڤ.....)، زۆربەی ئەم زاراوە و وشانەش لە زمانی بێگانەوە هاتوونەناو ئەدەبی کوردی ئەویش دیسان بەهۆی ئەم ئامێرەوەیە، چونكە خۆی بەرهەمێکی بێگانە و بیانییە، هەربۆیە نووسەر سوود لەم زاراوانە وەردەگرێت و دەیکات بە کەرەسەی نووسینی شیعرەکەیی و دەربڕینە لە لایەنە هەستی و نەستییەکانی، ئەمانەش بەهۆی ئەوەی واتاکانیان سادە و ساکارە و لە زمانی ڕۆژانەشدا زۆر بەکاردێن و سواون، بۆیە بە دەگمەن نەبێت (لێهاتووی شاعیر نەبێت لە چنینی دەقدا) (محەمەد، 2007)، ناتوانرێت دەقێکی بەرز بنیات بنێن، وەك لەم نموونە شیعرییانەدا بەرچاو دەکەوێت:

| |
|---|
| دڵم بۆت کرد بە میمۆری |
| تا نامەکانت بلاوێنی |
| ڤایرۆس لە هاندەکەشم بدا |
| نامەکانی تۆ هەردەمێنێ. (جەزا، 2008: 48). |

لێرەدا وشەکانی (میمۆری، ڤایرۆس، هاند) لەم شیعرەدا بەرچاودەکەون، شاعیر بەم وشانە توانیوویەتی مەبەستی خۆی بە ڕوونی بە سوودوەرگرتن لەو زاراوانەی، کە نزیکن لە خودی ئامێرەکەوە بگەیەنێت، بەکارهێنانی ئەم وشەو زاراوانەش بۆ ئەوەن (وەرگر ئاسانتر و خێراتر لە پەیامەکە بگات و لە مانا و دەلالەتەکانی تێبگات و پێویستی بە لێکدانەوە و ڕامان نەبێت.

یان:

| |
|---|
| سیمی دڵم بە کەڵکی هیچ هاندێ نایەت |
| بۆ هاندی دڵی تۆ باشە، |
| چونکە شەبەکەی عەشقی تیایە.. (عەلی، 2007: ل 42). |

ئەم دەقە و چەندانی تری لەم جۆرە لە (مۆبایلە شیعر)ی کوردییدا بەچاودەکەون، بۆیە گەر لێیان وردبینەوە دەبینیین تەواوی وشەکان (هەڵبژاردنی وشەکان) هەر لە ئاخاوتنی ڕۆژانە لە قسەی بەکاربەرانی ئاسایی زمان دەچێت، تەنانەت پێکهاتەکەشی (ڕیزکردنی وشەکان)ی زۆر لاوازە و هەر بەهەمان نەفەسی ڕۆژانە ڕیزکراون و هیچ لادانێکی تێدانییە، بۆیە ئەم جۆرە دەقانە؛ بەدەر لە پەیامەکەی هیچ ئیستاتیکایەکی هونەرییان تێدانییە.

هەروەها لە دەقێکی تردا، نووسراوە:

| |
|---|
| لە ناو کچانی هاوڕێتا |

| |
|---|
| ئەڵێی کچە شازادەی تۆ |
| دڵ و چاو و ڕۆح و گیانم |
| پڕ بە ساقەی ساتێکی تۆ... (حەسەنی، 2007: 28) |

چنینی ئەم دەقەش هەر بە سوود وەرگرتنە لە چەند وشە و زاراوەیەکی سادە و ساکار، بۆیە پارچە شیعرێکی سادەو ساکار و بێ گرێی بۆ بابەتی (خۆشەویستی) لێ چێکراوە، کە باس لە جوانی و شەنگی یارەکەی دەکات، دواتر هەستی خۆی بۆ دەردەبڕێت و خۆی بە (قوربان) دەکات، ئەمەش گەرچی جوانییەکی بنیاتی ڕیتمی تێدایە، بەڵام زمانەکەی یەکجار ساکارە، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك دەقی دیکە هەن، کە لەناو ئەم (مۆبایلە شیعر)انەدا هەن، شاعیر/دەقنووس ئەگەرچی زمانێکی سادە و ڕۆژانە لە چنینی دەقەکەدا بەکاردێنێت، بەڵام بەهۆی (هونەرەکانی شێواز و ڕەوانبێژی)ی توانیوویانە بەسەر ئەم سادەییە زاڵبن، دەقێکی چێژبەخش و ستاتیکی پێشکەش بە وەرگر و خوێنەری دەق بکەن، کە ئەمەش دواجار پەیوەستە بە توانای زەینی و خەیاڵی شاعیر، وەك لەم دەقەدا:

| |
|---|
| من لە کەلێنی نێوان گریان و پێکەنیندا |
| تەنیا تۆم لێدیارە..(خەلیل، 2005: 82). |

گەرچی ئەم دەقە بەدەرە لە ئاوازی دەرەوە، واتە (کێش و سەروا)ی نییە، بەڵام جوانی لە چنین و قووڵی لە بیرکرنەوەدا، ئەم لایەنەی شاردۆتەوە، یان باشتر بڵێین: تێکشاندنی ئاوازی دەرەوە و زاڵبوونی ئاوەز و قووڵی لە بیر و کورتبڕیی لە دەربڕین و بایەخدان بە هەست و ئەندێشەی داهێنەرانە، بوونەتە سیمای بەهێز و ئیستاتیکیی ئەم دەقە، بە واتایەکی دی؛ شاعیر بە سوودوەرگرتن لە چەند وشەیەکی ڕۆژانە، وێنەیەکی هونەریی چێژبەخشی پێکەشکردووە، ئەمەش بە ڕوونی لە وشەکانی (گریان، پێکەنین، کەلێن،...) دیاردەکەوێت، چونکە کاتێك بەهۆی توانایەکی زەینی و خەیاڵییەوە ئەم وشە و دەستەواژانە پێکەوە گرێدراون، بۆشاییەکی زەینی بۆ خوێنەر/ وەرگر جێهشتووە، کە بیخاتە خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەرێنی، بە دۆزینەوەی ئەو مەودایەش، کە لە نێوان ئەو دوو دیاردە دەروونییە دژبەیەکەدا هەن، دەگاتە حاڵەتی چێژوەرگرتن.

ئەمانە و چەندین و چەندانی دیکە هەن، کە بە زمانێکی سادەی قسەی ڕۆژانە نووسراون، هەندێکجار لە فۆرم و هەندێکجاریش لە کێش و سەرواندا دەبنە شیعر، بەڵام ڕەنگە لە دەربڕیندا دوور بێ لە شیعر، چونکە بوونی شیعر تەنها بە کێش و فۆرمەوە پەیوەست نییە، بە تایبەتی لە کورتی چڕی (مۆبایلە شیعر)، کە دەتوانرێت شاعیر هەستیارانەتر مامەڵە لەگەڵ دانەکانی زمان و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکاندا بکات، ئەمیش بۆ خزمەتی چێژ و ئیستاتیکای دەقە شیعرەکەی.

### 2. 3 .وێنەی هونەریی لە (مۆبایلە شیعر)ی کوردیدا:

یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر، وێنەی هونەریی (وێنەی شیعریی)ە، وێنەی شیعریی ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعرە و بەهۆی زمانەوە لەدایك دەبێت و بەشدارییەکی کارای چنینی دەقی شیعریی دەکات، بە واتایەکی دی (وێنەی شیعریی)ی ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەیە و ئەو ڕەگەزە هونەرییە بە بنەڕەتی هەر شیعرێك دادەنرێت، بۆیە (تۆدۆرۆڤ) کاتێك لەڕووی تەکنیکییەوە باس لە وێنەی شیعری دەکات، دەڵێت: (وێنە لە تەولیفی سەرلەنوێی وشەکان پێکدێت، نەك تەنها لە هەڵبژاردنی مەبەستدارییان) (بەکر، ئبراهیم، 2022: 135)،واتە وێنە لە گونجان و ڕێکەوتن و هەماهەنگی و کۆکردنەوەی نێوان وشەکاندا پێکدێت، بەمەش وێنەی شیعری زیندووترین و چالاکترین کەرەستە و ئامرازی شیعرە و لە ئەفراندنی هەر دەقێکی شیعرییدا هاوبەشی ڕەگەزەکانی دیکە دەکات، لە هەناوی هەموو شیعرێکدا ئامادەیی هەیە، چونکە شیعر ئەو کەفوکوڵە پەنگخواردوەیە لە دەروونی هەر شاعیرێکدا هەیە و بە هیچ شتێك بەرناگیرێت، یان ئەو جیهانبینی و تێڕوانینەیە، شاعیر بۆ دیاردەکانی ژیان و کەون و مرۆڤایەتیی هەیەتی، ئەوە ڕاستەوخۆ لە دووتوێی ئەو وێنە جۆراوجۆرانەدا بەرجەستەدەبێت و پیشاندەدرێت، بۆیە هەر شیعرێك شلۆڤە بکەین، دەبینین لە کۆمەڵێك وێنەی تاك و کۆ و ئاوێتە بنیاتنراوە، کەواتە (وێنە ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی دیاریکراوە، شاعیر دەورووژێنـێت بەرانبەر هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ژیان)(عیسا، 2009: 21) باری دەروونی شاعیریش وەك کەسێکی ئاسایی نییە، چونکە ئەو بارودۆخە دەروونییەی شاعیر لەژیانییدا پێیدا تێپەردەبێت لە کەسانی ئاسایی جیاوازە، چونکە شاعیر زیاتر هەست و سۆزی بەرانبەر ئەو دیاردە و دیمەن و ڕووداو و شتانە دەوروژێت، کە لەناو واقعی کۆمەڵگەدا هەن و ڕوودەدەن، دواجار ئەم بارودۆخانە وایلێدەکەن وێنەیەکی جوان بەرهەمبهێنێت.

لەم دیدگەیەوە وێنەی شیعریی؛ گەوهەری شیعرە و ئامرازی گواستنەوەی ئەزموونی تاك و گشتییە، لەبەرئەوەی شاعیر ئەزموونەکانی پێش خۆی و ژیانی خۆی و بە شیعر دەردەبڕێت و بەمەش وێنەی هونەری دەنەخشێنێت، هەر لە ڕێگەی وێنەشەوە دەکرێت بگەینە جیهانبینی و ئەزموونی شاعیر، کەواتە هیچ دەقێکی شیعریی نییە بێ بوونی وێنەیی شیعریی، زۆری و کەمی و

بنەڕەتی وێنەکانیش پەیوەستن بە چڕی و کورتی و درێژیی و زیادەڕۆیی زمانیی دەقە شیعرییەکە، بۆیە ئەگەر سەیری فۆرمی (مۆبایلە شیعر) بکەین، وەك هەر فۆرمیکی دیکەی شیعریی، لە وێنەی شیعریی خاڵی نییە و بەدوور نییە لە بەرجەستەکردنی وێنە و دیمەنەکانی دەرەوە (ژیان/واقع) ناوەوە(دەروون)، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەدگاری سەرەکی ئەم فۆرمە کورتی و چڕییە و مەودای نووسینی کەمە، بۆیە وێنەکان زیاتر لە وێنەی تاك، تاك دەچن، یان لە وێنەی دیمەنێکی چەند چرکەیی دەچن، لەلایەکی دی، وێنەکان زیاتر پەیوەستن بە بارودۆخی تاکێك، کە ڕەنگدانەوەی بارە ویژدانیی و عەقڵیەکەیەتی، بۆیە دەیەوێت پیشانی وەرگرە تاکەکەی بدات، بابەتی وێنەکانیش زیاتر ئەڤینیین، وەك لەم دەقانەدا دەبینرێت:

| |
|---|
| کە نامەکانت دەگەن پێم |
| لە بەهارێکی.. تەڕ دەچن |
| لە تاڵی تیشکی هەتاوی |
| ئێوارەی زەردەپەڕ دەچن. (باشبڵاخی، ب. 1، 2006: 37). |

لێرەدا شاعیر بە وشە و زاراوە دەربڕاوەکانی (بەهاری تەڕ، تیشکی هەتاو، ئێوارەی زەردەپەڕ..)، وێنەی کات و ساتی نامەناردن دەکێشێت، کە کاتێك نامەکە (پەیامەکە) دەگاتە کەسی بەرانبەر دەگەشێتەوە و ناخی جۆش و خرۆش دەگرێت، چەشنی ئەو دیمەنەی کە بەهار هەیەتی لە سەوز و جوانیی و تێکەڵاویی لە بۆن و ڕەنگی گوڵان، وێنە گشتییەکەش لە چەند وێنەیەکی تاکی جوڵاوە پێکدێن و بەر هەستی بینیین دەکەون.

یان لە دەقێکی تردا هاتووە:

| |
|---|
| لەگەڵ هەموو شەوباشێکا |
| کۆرپەی حەزم.. ڕادەژێنیت |
| دار مازووی گەندەڵی خەمم |
| لە ڕەگەوە هەڵدەکەنیت. (باشبڵاخی، ب. 2، 2006: 29). |

جوانی ئەم دەقە شیعرە لە هەبوون و پیشاندانی وێنەکەیدایە، کەوێنەیەکی جوڵاوە و بەر هەستی بینیین دەکەوێت، چونکە پێکهاتەی زمانی و وشە بەکاربراوەکانی شاعیر چەشنی زوومی کامێران و دیمەنەکانی ئەو ساتە پیشاندەدات، کاتێك کە (نێرەر) لە چاوەڕوانی گفتوگۆی دولبەرەکەیدایە، دواتر لەگەڵ بیستنی دەنگی ڕادەچڵەکێت و هەموو ئەو گومان و دوو دڵییەی، کە لای شاعیر (کەسی چاوەڕوان) هەیە، نامێنێت و دەرەوێتە و لەبیردەچێتەوە، بەرجەستەبوونی ئەم وێنە شیعرییەش بەهۆی کێشانی ئەو دیمەنەیە، کە بەهۆی ئەم دەستەواژانە: (ڕاژاندنی کۆرپەی حەز، تەکاندن و هەڵکەندنی داری خەم و دووری و غوربەت) کێشراوە و شیعرییەتی بە دەقەکەداوە.

یان لە دەق:

| |
|---|
| کە مۆبایلەکەت دادەخەی.. |
| جەستەم لە نێو تابووتی مەرگا ڕادەخەی. (باشبڵاخی، ب. 4، 2007: 11). |

دەبینیین شاعیر بەهۆی وشە و زاراوە  سادە و ساکارەکانی: (داخستنی مۆبایل، جەستە (گیان)، تابووت، مەرگ)، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردێن، توانیویەتی دیمەنێکی هەست بزوێن و کاریگەر بئەفرێنێت، ئەویش بەهۆی داخستنی پەیوەندیی تەلەفۆنی یارەکەی و پیشاندانی دیمەنی دوای داخستنەکەیە، کە (دووری لە یار و گفتۆگۆ شیرینەکەیەتی)، بەمەش دوو چاری بێ هیوایی و گرفتاریی نائومێدیی و دڵتەنگی و خەمباری دەبێت، بەجۆرێك شاعیر لە مەرگ و چوونەناو تابووت نزیك دەبێتەوە، ئەمەش وێنەیەکە لە دوو وێنەی تاکی وەستاو پێکهاتووە، وێنەکەش بەر هەستی بینیین دەکەوێت.

**3. ئەنجـــام:**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1.تەکنەلۆژیا کاری کردۆتە سەر هەموو کایەکانی ژیان، نووسینی ئەدەبیی/ شیعریش وەکو لایەنێکی کارای ژیان، پرۆشکی ئەم کاریگەرییەی بەرکەوتووە، هەوڵیداوە بە زووترین کات و کەمترین ماندوبوون پەیامەکەی لە فۆرمی (مۆبایلە شیعر)دا بگەیەنێتە وەرگرەکە/ کەسی بەرانبەر، بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی (مۆبایل) لە باشووریی کوردستان، فۆرمی (مۆبایلە شیعر)یش دەرکەوتووە، ئەمەش وایکردوە زۆر وشە و زراوەی بێگانە بێتە ناو فەرهەنگی شیعری کوردیی بەگشتی و (مۆبایلە شیعر) بەتایبەتی، وەکو: (سەیڤ، هاند، مەسیج، شەحن، سەنت، وەحدە، نووکە، تێل، سیم، ئێس ئێم ئێس...).

2.زمان له مۆبایله شیعردا، زمانێکی سادەیە؛ زۆرجاریش نزیکە لە زمانی ڕۆژانە، ئەمەش پەیوەستە بە خودیی ئەو ئەرکەی، کە ئامێری (مۆبایل) لە گەیاندنی خێرایی لە پەیام و مەبەست دەیبینێت.

3.وێنە شیعرییەکان لەم فۆرمەدا، زیاتر چەند (وێنەی تاك)ن و زۆرترینیشیان بەر (هەستی بینین) دەکەون.

4.بەگشتی شیعرییەت لە فۆرمی (مۆبایلە شیعر)دا لاوازە، چونکە لێرەدا ئەوەندەی ناوەرۆك و مەبەست گرنگن، چێژ و ئیستاتیکا جێگای بایەخ نیین.

## 4.لیستی سەرچاوەکان:

### 1.4.کتێب:

#### 1.1.4. کتێب بە زمانی کوردی:


- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (2011)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چ. 1، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- ئاشنا، ئومێد (2007)، شێوە و ناوەرۆك، چ.1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- حسەین، عەلی تاهیر (2008).، ڕەخنەی بونیاتگەری (تێۆرو بۆ پراکتیکردن)، چ.١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
- خەزنەدار، مارف (2010)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب. 1، (لە سەرتاوە تا سەدەی چواردەم)، چ. 2، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- سابیر، پەرێز (2001)، بنیادی هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتا تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چ. 1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- شوانی، کاوە ئەنوەر (2007) ، فەرهەنگی کاوە (کوردی- فارسی) ، چ. 1 ، چاپخانەی منارە ، هەولێر.
- شێخ بزێنی، سەعد فاروق یوسف (2011)، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، چ. 1، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عومەر، وەلید (2021)، کێشەی فۆرم و ناوەرۆك، چ. 1، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- عیسا، هاوژین سلێوە (2009)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چ.1، دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- گەردی، عەزیز (1999)، سەروا، چ.١، چاپخانەی دەزگاری ئاراس، هەولێر.
- الماضی، شکری عزیز (2010)، تیۆری ئەدەبی، و. سەردار ئەحمەد گەردی، چ. 1، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (2020)، تیۆری ئەدەبی، چ. 1، چاپخانە و بڵاوکراوەی ئاوێر، هەولێر.
- محەمەد، فواد ڕەشید (2007)، دەقی ئەدەبی (ئەدگار، چێژ، بەها)، چ. 1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- موکریانی، گیوی (1962)، فەرهەنگی مهاباد، چ. ژ، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
- یەعقووبی، عبدولخالق (2005)، دەنگی بلورینی دەق، چ. 1، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.


#### دیوانەکان:


- باشبڵاخی، خالید (2006)، مۆبایلە شیعر، ب. 1، چ. 1، چاپخانەی ئەرابخا، کەرکوك.
- باشبڵاخی، خالید (2006)، مۆبایلە شیعر، ب. 2، چ. 2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- باشبڵاخی، خالید (2007)، مۆبایلە شیعر، ب. 4، چ. 1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- باشبڵاخی، خالید (2007)، مۆبایلە شیعر، ب. 5، چ. 1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- جەزا، وەرزێر (2008)، دڵی تۆ لە گوڵ ناسکترە، ب: 1، 2، 3، چ. 1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- حەسەنی، ڕێبوار قەرە (2007)، شنەی دڵ، چ. 2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- خەلیل، زانا (2005)، دوو سەدو سی و شەش (ئێس ئێم ئێس)ی شیعری، چ. 1، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی.
- زەنگەنە، شەهاب (2007)، چەپکە گوڵ، چ. 6، چاپخانەی هێمن، سلێمانی.
- عەلی، شەهریار (2007)، زەنگی دڵ، ب. 1، چ. 1، چاپخانەی هێمن، سلێمانی.
- مەهدی، هێشوو (2009)، هەناسەکانی عەشق، چ. 2، چاپخانەی سایە، سلێمانی.


#### 2.1.4. کتێب بە زمانی عەرەبی:


- ابراهیم، عبدالله (1988)، البناءالفني لرواية الحرب في العراق: دراسة لنظم السرد و البناء في الرواية المعاصر"، ط. 1، دار الشوون الثقافة العامة، بغداد.
- رافیندران، س. (2002)، البنيوية والتفكيك، ت: خالد حامد، ط .1، دار الشوون الثقافة العامة، بغداد.
- فضل، صلاح (1978)، نظرية البنائية في النقد الادبي، ط. 1، دار الشوون الثقافة العامة، بغداد.


### 2.4.نامەی ماستەر و تێزەکان:


- خدر، پەروین عەبدوڵڵا (2022)، فۆرمەکانی دەقی شیعری هاوچەرخی کوردیی (1978- 2000) باشووری کوردستان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عەلی، سروە تاهیر (2015)، بنیاتی هونەری لە کۆمەڵە چیرۆکی "هەڵۆ"ی "ڕەووف بێگەرد"دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان- فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی- سلێمانی.
- .مەحموود، محەمەد قادر (2022)، فۆرمەکانی دەقی شیعری هاوچەرخی کوردیی (1973- 2010)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
-

**3.4توێژینەوەی ئەکادیمیی لە گۆڤارەکانی زانکۆ:**

- بەکر، ئبراهیم؛ هیمداد حوسێن، محەمەد عەبدولکەریم (2022)، بنیاتی واتای وێنەی شیعری لە نێوان هونەرەکانی ڕوونبێژیدا شیعری (گەشت لە هەورامان)ی گۆران بە نموونە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، بەرگی: 26، ژمارە:4.

- https://doi.org/10.21271/zjhs.26.4.9

- حەمە، بەکر؛ محەمەد ئیبراهیم، هیمداد حوسێن (2021)، تۆپۆگرافیای شیعریی لە دەقەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، بەرگی: 25، ژمارە: 6.

- https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.12

- کەریم، ساڵح؛ پشتیوان ئەسعەد، سەلیم ڕەشید (2023)، چەمکی شاعیر لە دەقی شیعری لەتیف هەڵمەتدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سەڵاحەددین، بەرگی: 27، ژمارە: 2.

- https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.15

- عومەر، نەوزاد ئەنوەر (2015)، میتۆدی بونیادگەریی و تێڕوانینێکی پڕاگماتیکی (مۆبایلە شیعر) بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە/ مانگی 10) زانکۆی کۆیە.
https://www.researchgate.net/publication/282734476_mytwdy_bwnyad_ttryy_w_tyarwanynyaky_thriatmatyky_mwbaylt_shyr_btnmwwnt?enrichId=rgreq97855f2f56490e13244f019966aa292eXXX&enrichSource=Y292ZXJQYWdlOzI4MjczNDQ3NjtBUzoyODM0NDk5OTU4NzQzMDRAMTQ0NDU5MTE1Mzc4NQ3%D3%D&el=1_x_2&_esc=publicationCoverPdf

**Artistic Structure in Kurdish Mobile Poetry**

**Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw**
Department of Kurdish language,College of Education/Shaqlawa,Salahuddin University-Erbil
kamaran.khudhur@su.edu.krd

**Abstract**

Every literary text in general and poetry in particular have two main aspects involved in its structure: the artistic structure and the subject structure, which become the main foundation of the text structure It is a poetic text that is capable of containing all other principles .From this perspective, the artistic structure exists in every poetic text and finds itself in the aspects of (form, language, artistic image and rhythm). His interpretation and exposure of the artistic structure of the Kurdish poetic mobile and the advantages of this poetic form, which appeared in Kurdish poetry after the Iraqi liberation process, caused the poetic form and poetic language to manifest themselves in a different way, including the language and images in this form were simple and often close to everyday language, which made poetry in the form of (mobile poetry) appear somewhat weak In form, pleasure and aesthetics are not as important as content and purpose.

**Keyword:** Structure, Mobile Poetry, Language Mobile Poetry, Form, Artistic Image.

**البنية الفنية في الجوال الشعرية الكردية**

**كامران ابابكر خضر خوشـــناو**
قسم اللغة الكوردي، كلية التربية، شقلاوة، جامعة صلاح الدين- أربيل
**kamaran.khudhur@su.edu.krd**

**ملخص:**

كل نص أدبي بشكل عام والشعر بشكل خاص له جانبان رئيسيان يدخلان في بنيته: البنية الفنية والبنية الموضوعية، اللتان تصبحان الأساس الرئيسي لبنية النص، فهو نص شعري قادر على احتواء كافة المبادئ الأخرى. ومن هذا المنطلق فإن البنية الفنية موجودة في كل نص شعري وتجد نفسها في جوانب (الشكل واللغة والصورة الفنية والإيقاع). تفسيره وتعرضه للبنية الفنية للجوال الشعري الكردي ومزايا هذا الشكل الشعري الذي ظهر في الشعر الكردي بعد عملية تحرير العراق، تسببت في ظهور الشكل الشعري واللغة الشعرية بطريقة مختلفة، بما في ذلك اللغة والصور في هذا الشكل كانت بسيطة وقريبة في كثير من الأحيان من اللغة اليومية، مما جعل الشعر على شكل (شعر متنقل) يبدو ضعيفا إلى حد ما في الشكل، والمتعة والجماليات ليست بنفس أهمية المحتوى والغرض.

**كلمات الدالة:** البنية، الشعر جوال، اللغة الشعر جوال، الشكل، الصورة الفنية